# پلەی پشتبەستنی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان بە مێدیای نوێ

**بەرهەم خالد احمد**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ:barham.ahmed@univsul.edu.iq

**فواد عەلی ئەحمەد**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: fuad.ahmed@univsul.edu.iq

## پوختە:

لەدوای کەمبوونەوەی هێز و ئاستی کاریگەریی مێدیای کلاسیک بەهەموو جۆرەکانییەوە، بۆ هەموو چین و دەستەکانی ناو کۆمەڵگا مێدیای نوێ بووە سەرچاوەیەکی گرنگ، گومانی تێدانییە کەسایەتییە سیاسییەکانیش بەدەرنەبوون لەو کاریگەرییانە و راستەوخۆ مێدیای نوێ رۆڵی هەبووە لە دەرخستن و تۆخکردنەوەی کار و چالاکییەکانیان، بەتایبەتیش پەرلەمانتاران، کە ئێستا هۆکارێکی بەهێزی مێدیایی بۆ هەڵبژاردنەکان و دەرکەوتن و جێکردنەوەی پەرلەمانتاران لەناو کۆمەڵگادا بریتییە لە مێدیای نوێ.

**کلیلە ووشەکان:** پشتبەستن، پەرلەمانتارانی کوردستان، میدیای نوێ، تۆڕی کۆمەڵایەتی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## کێشەی توێژینەوە:

توێژینەوەکان لەسەر بنەمایی کێشەکان بونیاد دەنرێن، ئەم توێژینەوەیە باس لە کێشەیەک دەکات، کە زۆربەی کات کەسایەتییە تایبەتەکان لێی دەدوێن و باسی لێوە دەکەن، ئەویش ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بەئامرازەکانی میدیا، بەتایبەتیش میدیای نوێ بۆ گەیشتن بەدەنگدەران و کۆکردنەوەی نارەزایی و هاوکاری هەماهەنگی لە نێوان ئەندامان و هاوولاتیان، لەم روانگەیەوە ئەم چەند پرسیارە دەخەینەڕوو:

1- ئایا میدیای نوێ ئامرازێکی بەهێزە تا پەرلەمانتاران پشتی پێببەستن، بۆ دەستخستنی زانیاری؟

2- تاچەند رەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندەواری هۆکارن بۆ پەرلەمانتاران لە دەرخستنی جیاوازی ئاستی پشتبەستن بەمیدیای نوێ؟

## گرنگیی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی لە چەندین بواردا گرنگی خۆی هەیە، وەک:

1- بواری زانستی کە هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری زانست و بەهێزکردنی کتێبخانەکان بەتوێژینەوەی نوێ و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی.

2- گرنگی زۆری هەیە بۆ شارەزایان و خوێنەرانی ئەکادیمی لە دەستخستنی زانیاریی نوێ. 3- لەڕووی پراکتیکیشەوە هۆکارێکی بەهێزە بۆ دەرخستنی کەم و کورتییەکان و خستنەڕووی ئامانج و دۆزینەوەی چارەسەرەکان بۆ ئەو کێشانەی ڕوودەدەن.

## ئامانجی توێژینەوە:

هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەدەرنییە لە کۆمەڵێک ئامانج، ئەم توێژینەوەیەش، چەند ئامانجێکی گرنگی هەیە، کە کاردەکات لە پێناو وەرگرتنەوەی وەڵامەکانی، تاچەند جیاوازی ئاستی تەمەن و رەگەز و بڕوانامە و پارێزگا و فراکسیۆن، کاریگەری لەسەر ئاستی پشتبەستن بەمیدیای نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوە هەیە، لەکاتێکدا میدیا نوێ بۆتە هۆکارێکی بەهێزی میدیا لە ئێستادا، پەرلەمانتاران دەتوانن سود لە میدیای نوێ وەربگرن و پشتی پێببەستن لە دەستختنی زانیارییدا و پەیوەندی کردن بەدەنگدەرانەوە.

## سنورەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە سێ بواری سەرەکی لەخۆدەگرێت:

1- بواری مرۆیی: سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان.

2- بواری شوێن: هەرێمی کوردستان/ پەرلەمانی کوردستان.

3- بواری بابەت: میدیای نوێ و ئاستی پشتپێبەستنی لای پەرلەمانتاران.

4- سنوری کات: ماوەی دەستبەکاربونی پەرلەمانتارانی کوردستان خولی پێنجەم، لەساڵی (2018-2020).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەیەکی وەصفییە ومیتۆدی رووپێو بەکارهاتووە، پشتی بەداتاکانی فۆرمی دابەشکراو بەسەر پەرلەمانتاراندا بەستووە، لە وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە ئامانجی توێژینەوەکەدا کراون.

## سامپڵی توێژینەوە:

توێژینەوەکە بۆ دەستخستنی وەڵامی گونجاو و ورد و گرنگ لەسەر ئاستی پشتبەستن بە مێدیای نوێ، سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستانی بەنمونە وەرگرتووە، بەبێ جیاوازی رەگەز و تەمەن و فراکسیۆن و ناوچەگەری واتە (حصر شامل)ی کردووە، لە کۆی گشتی پەرلەمانتارانی کوردستان کە دەکاتە (111) پەرلەمانتار، توێژەران (100) فۆرمیان بۆ گەڕاوەتەوە و (11) فۆرمیان تەلەف بوون یان پەرلەمانتاران ئامادە نەبوون وەڵام بدەنەوە.

هاوکێشە و ئاماری بەکارهاتوو

توێژینەوەکە بۆ دەست کەوتنی وەڵامی دروست پشتی بە بەرنامەی (SPSS) بەستووە، لە پێناو دەستخستنی:

1- ناوەندە ژمێرە، 2- لادانی پێوەری، 3- تی تێست، 4- کروسکاڵ، 5- رێژەی دەسەدی، 6- کایسکوێر.

## ناساندنی چەمکەکان:

1- پشتبەستن: بەمانای گرنگیدان بەئامڕازەکانی میدیا و بەتایبەتیش ئامڕازی میدیای نوێ، لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجانەی پەرلەمانتاران هەیانە.

2- پەرەلەمانتاران: ئەو توێژەی کۆمەڵگان، کە لەلەیان جەڵکی هەرێمی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018 دا دەنگیان هێناوە و بونەتە پەرلەمانتار، لەپەرلەمانی کوردستان.

3- هەرێمی کوردستان: کایەیەکی سەربەخۆ و فیدراڵە و دەکەوێتە باشوری دەوڵەتی عێراقەوە، بەپێی دەستوی عێراقی مافی خۆ بەڕێوەبردنی هەیە، لەساڵی 1991 لەدوای راپەڕینی هەرێمی کوردستان توانی هەرێمێکی 4 پارێزگایی دروست بکات، کە دواین پارێزگای هەڵەبجەیە.

4- میدیای نوێ: ئەو جۆرەی ئامڕازی میدیایە، کەلەئێستادا رۆڵ و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی بەسەر هەموو چین و توێژ و کایەکانی ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە.

## کورتەیەک دەربارەی تیۆری پشتبەستن بە میدیا

تیۆری پشتبەستن پابەندە بەو پەیوەندییەی ئامڕازەکانی میدیاو جەماوەرو سیستمی کۆمەڵایەتی پێکەوەدەبەستێت، خاوەندارییەتی چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی دەکات لەو پشتیوانیە ئاڵوگۆڕییە، کە نیشانەکانی کۆمەڵگای نوێ دەیسەپێنێت، چونکە جەماوەر پشت بە ئامڕازەکانی میدیا دەبەستن، بەوپێیەی سیستمێکی لاوەکیی لەپێناو سەردەرکردن



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

و تێگەیشتن لە سیستمێکی لاوەکیی تر، کە ئەویش دەوروبەری کۆمەڵایەتییە کە تاکەکانی گەل تیایدا دەژین؛ واتە ئامرازەکانی میدیا لێرەدا کە لەجێی چەند سەرچاوەیەکی سەرەکییە، بۆ دەستکەوتنی زانیاریی لەبارەی رووداوەکانی دەوروبەریان، لەلایەن گەلەوە پشتپێدەبسترێت، بەتایبەتیش لە کاتەکانی پشێوی و گۆڕانکارییەکان و ململانێکانی ناو کۆمەڵگا، بەپێویست دەزانرێت تاکەکانی گەل بۆ سەردەرکردن لە واقیعی کۆمەڵایەتی، پشت بە ئامرازەکانی میدیا ببەستن (أبو أصبع، 2006، ص 164).

ئەمەو بەبێ فەرامۆشکردنی ئەوەی کە چالاکییەکانی ئامرازەکانی میدیا نایەتەدی، تاکو پشت بەو سەرچاوە پەرشوبڵاوانەی لەناو پێکهاتەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە دامودەزگاکان و دامەزراوە بچوکەکان و لاوەکییەکاندا نەبەستن، کە هەموویان بەگشتی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێنن، ئەمەش لەلایەن (Herbet Schiller) پشتڕاستکراوەتەوە، بەوەی کە وایدەبینێت ئەو پەیوەندییەی دامەزراوەکانی میدیا دەیبەستێتەوە بە سیستمی سیاسی، پەیوەندییەکە دامەزراوە لەسەر بنەمایی سیستمێک بە هۆکارێک و ئامرازێکی بەربەرەکانییەوە، بۆ برەودان بە بیروبۆچوونەکانی و پرنسیپەکانی بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کلتورو ژیانی کۆمەڵگا بەگشتی وەکئەوەی لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکان دەبینرێت (إسماعیل، 2003، ص 278–279)، لەبارەی پەیوەندیی ئامرازەکانی میدیا بە سیستمی ئابوورییەوە، ئەوەش پەیوەندییەکە کە هیچی لەو پەیوەندیی سیستمی سیاسییەی باسکرا کەمتر نییە، چونکە ئامرازەکانی میدیا بۆ ئەنجامدانی ئامانجەکانی سیستمی ئابووری بەهۆی شێوازەکانی جاڕدان و ریکلامکردن، بە ئامرازگەلێکی گرنگ دادەنرێت، لەبارەی سروشتی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی میدیاو جەماوەر، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەبینرێت، چونکە جەماوەر بۆ ئاگاداربوونیان لە کاروباری رۆژانەیان ناتوانن هەرگیز دەست لە میدیا هەڵبگرن، ئەمیش لە بەگرنگ دانەنانی جەماوەر، چالاکییەکانی بێمانا دەبێت (أبو أصبع ، 2010، ص164).

کاریگەرییەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا لەسەر کۆمەڵگا

کۆمەڵێک کاریگەریی تایبەتی ئەم تیۆرە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگا بەتایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی هەیە، بەهۆی ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن ئامرازەکانی میدیاوە بەرهەمهاتوون و گواستراونەتەوە بۆ کۆمەڵگا و پەخشکراون( Hefber, 2014, pp 188) ، بۆیە هەریەکە لە توێژەران ( ساندرا بول روکیتش و ملفنی دی فلور) لەچەند کاریگەرییەکدا کۆیانکردووەتەوە، کە گرنترینیان کاریگەریی (مەعریفی، ویژدانی، رەفتاری) (Loveless, 2008, pp.165) ، بەمشێوەیە دەیانخەینەڕوو:

1- کاریگەریی رۆشنبیری/ زانیارییپێدان: ئەمجۆرەیان لەرێگەی ئامرازەکانی میدیاوە کاردەکاتە سەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، بەشێوەیەک کە دەبێتەهۆی دەرخستنی ئاڵۆزییەکان و روونکردنەوەیان، دروستکردنی رایگشتی، ریزبەنیکردنی پێداویستییەکان، فراوانکردنی پێشنیازو لێدوانەکان، راهێنان و پشتگیریکردنی بەهاکانی کۆمەڵگاو پشتگیریکردنیان( نەجیب، 2016ک ئەنتەرنێت).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

2- کاریگەریی ویژدانی: پەیوەستە بەهەندێک کرداری ویژدانی و زاراوەوە؛ وەک هەست، سۆزو لێکدانەوەی سۆزداری و کەمتەرخەمی، ترس و دڵەراوکێ، پاڵپشتی ماددی و جیابونەوە(مکاوی، 2007، ص 412-413).

3- کاریگەریی رەفتاری: لەچوارچێوەی دوو هەڵسوکەتی نمونەییدا کۆدەبێتەوە ئەوانیش (چالاکی، کاتێک بینەر بەر ئامرازەکانی میدیا دەکەوێت بەشێوازی ئەرێنی یان نەرێنی)، (ناچالاک، هیچ جوڵەو چالاکییەکی نییە و هیچ ئەرکێک ئەنجامنادات)(Defleur, 1982, pp.240).

## باسی یەکەم: تێگەیشتن لە چەمک و پێناسەی مێدیای نوێ

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای زانیاری و فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتوەتەوە و کاریگەری خستوەتە سەر زۆربەی چالاکیەکانی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگا لە سەرانسەری جیهاندا. پەیوەستی مرۆڤەکان بە تەکنەلۆژیاوە بەجۆرێکە، کە بە ناچاری و وەک واقیعێکی نوێ و زاڵ ناچاربوون مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێیەکدا بگونجێنن و ژیانی خۆیان بە گوێرەی ئەو شەپۆلە رێکبخەن (Oxford dictionary, 2018).

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و گەشەسەندنی ئینتەرنێت بە شۆڕشی نوێی پیشەسازی وەسف دەکرێن، بەو پێیەی شێوازی زۆرێک لە کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە بەرگێکی نوێ نەخشاندەوە و هەروەک Micha Kaufman بە شۆڕشی دووەمی پیشەسازی وەسفیدەکات .(Oxford dictionary, 2019) . بە هاتن و گەشەسەندنی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ، کایە ژیارییەکانی وەک سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و بوارەکانی دیکەش گۆڕانکاری گەورەیان بەخۆوە بینیوە و کاریگەریان خستە سەر سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا توانیویەتی رۆڵی زۆری لە بواری سیاسیدا هەبێ(Encyclopedia Britannica, 2019) .

هاوشێوەی بوارەکانی دیکە، بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەری بەدەرنەبووە لە بەرکەوتن بەم کاریگەرییەی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا و ئەگەر ئینتەرنێت زیاتر لە بوارەکانی دیکە کاری لەسەر کایەی مێدیا نەکردبێت، ئەوا هاوتای بوارەکانی دیکە تەکنەلۆژیا توانیویەتی شۆڕشێک لە ناو کایەی راگەیاندندا دروست بکات، بە جۆرێک کە ئاوێتەی یەک بین(Techopedia, 2018) ، هاتنی ئینتەرنێت بۆ ناو راگەیاندن جیاواز لە بوارەکانی دیکە، وەک هێڵێکی جیاکەرەوە و خاڵی وەرچەرخان لە بواری مێدیادا ئەژمار دەکرێت، وەک چۆن دەینس مەکوەیڵ دەڵێت: بە هاتنی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت مێدیا راستەهێڵێکی جیاکەرەوە بە مێژووەکەیداهات و مێدیای دابەشکرد بۆ مێدیای پێش تەکنەلۆژیا و مێدیای سەردەمی تەکنەلۆژیا(Dewdney and Ride,2006) . بە لێکدانەوەی مەکوەیڵ، هاتنی ئینتەرنێت زۆر شتی لە مێدیای کلاسیک گۆڕی و گۆڕانکاری زۆری لە کارکردنی مێدیادا دروستکرد، گرنگترینیان کاڵکردنەوەی چەمک و تێگەیشتن لە مێدیای جەماوەری (Mass Media) بوو، لە مێدیاییەکی جەماوەرییەوە بۆ مێدیای کەسی و تایبەت،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هەربۆیە مەکوەیڵ گفتوگۆی تیۆرەی نویٚ دەکات بۆ ئەم جۆرە تازەیەی میٚدیا بە جۆریٚک لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندی و شیٚوازی کارکردنیدا بگونجیٚت(Gibloa, 2005).

## پیٚناسەی میٚدیای نویٚ:

بۆ ئامانج و مەبەستی ئەم تویٚژینەوەیە، پیٚناسەکردنی میٚدیای نویٚ گرنگی و بایەخی زۆری هەیە و پیٚویستە. ئەگەرچی چەمکی میٚدیای نویٚ وەک زۆریٚک لە چەمکەکانی دیکەی بوارە جیاوازەکانی لقی زانستە مرۆییەکان هەڵگری چەندین پیٚناسەی جۆراوجۆر و خویٚندنەوە و تیٚگەیشتن و راڤەکردنی جیاوازە و پیٚناسەکانیشی بەردەوام لە گۆڕانکاریدان.

دوو ئاراستەی سەرەکی لە پیٚناسەکردنی میٚدیای نویٚدا هەیە، یەکیٚکیان ناساندنی میٚدیای نویٚ پەیوەست دەکات بە کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیاوە، کە ئەمەیان یەکانگیر دەبیٚتەوە لە تیٚگەیشتنی زانای بواری کۆمونیکەیشن، مارشاڵ ماکلۆهان، کە لەسالآنی شەستەکانی سەدەی رابردوودا ئامرازی راگەیاندن وەک چەقی میٚدیا تەماشا دەکات و پیٚیوایە ئەوە ئامرازە کاریگەری دروست دەکات نەک پەیام، پیٚیوایە تەکنەلۆژیا رۆڵی سەرەکی دەبینیٚت لە ژیانی مرۆڤدا بە تایبەت کاتیٚک وەک میٚدیای نویٚ خۆی بەرجەستە دەکات( KALATHIL and BOAS, 2003) و ئاراستەی دووەمیش وەک میٚدیا پیٚناسەی دەکات لەگەڵ کەمیٚک گۆڕانکاری بە تایبەت لە رۆڵی وەرگر بە بەراورد بە میٚدیای کۆن (Kember and Zylinska, 2015).

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بەریتانی لە پیٚناسەی میٚدیای نویٚدا دەنوسیٚت، هەر هۆکاریٚکی راگەیاندن سود لە کۆمپیوتەر و هیٚڵەکانی ئینتەرنیٚت وەربگریٚت و بەرهەمیٚکی میٚدیایی بەرهەم بهیٚنیٚت، کە ئامانج لیٚی گەیاندنی زانیاری یاخود کات بەسەربردن بیٚت ئەوە میٚدیای نویٚیە( Sigrid and Voltmer, 2010) .

هەروەها ماڵپەڕی تیٚکۆپیٚدیا (Techopedia) پیٚناسەی میٚدیای نویٚ دەکات، بەوەی کە شیٚوازیٚکی دیجیتاڵی کۆمۆنیکەیشنە لە ڕیٚگەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و ئامیٚرە ئەلکترۆنیەکانی دیکەوە رودەدات. هەروەها میٚدیای نویٚ بە ئاویٚتەبوونی بەکارهیٚنەرانی لە میٚدیای کۆن جیادەکریٚتەوە و وەرگر ئازادی هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و بابەت میٚدیاییەکانی هەیە بە گویٚرەی حەز و ویست و کاتی خۆی(Louw,2010) .

پاوڵ لیٚستەر، لە پیٚناسەی میٚدیای نویٚدا دەڵیٚت:" کۆمەڵیٚک تەکنەلۆژیای پەیوەندییە کە لە بەرەنجامی هاوسەرگیری نیٚوان کۆمپیوتەر و ئامرازە کلاسیکییەکانی راگەیاندن، چاپ، ویٚنەگرتن، دەنگ و ڤیدیۆوە لەدایکبوون (Jain and Zhang, 2012).

فەرهەنگی مایکرۆسیٚرڤسی تایبەت بە خزمەتگوزاری تەکنەلۆژیای ژمارەیی، نزیک لە پیٚناسەکەی لیٚستەر پیٚناسەی میٚدیای نویٚی کردووە و نووسیویەتی کە تیٚکەڵبوون و ئاویٚتەبوونی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان و مەڵتیمیٚدیا دەبنە هۆی بەرهەمهیٚنانی میٚدیای نویٚ( MCQUAIL, 2010) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**باسی دووەم: شێوازەکانی میدیای نوێ:**

میدیای نوێی تەنها پشت بەستوو بە کۆمپیوتەر بە بێ هێڵی ئینتەرنێت Offline؛ ئەم جۆرە کۆنترین جۆری میدیای نوێیە، کە مەبەست لەو ئامرازانەیە بەبێ ئینتەرنێت زانیاری تێدا هەڵدەگیرێت و دەگوازرێتەوە وەک CD و DVD و Hard Disk و یارییە ئەلکترۆنییەکان و کتێبە ئەلکترۆنییەکان و فیلم و فێرکارییەکان و ئەو بابەتانی دەتوانرێت بەبێ هێڵی ئینتەرنێت سودیان لێوەربگیرێت.

میدیای نوێی پشت بەستوو بە هۆکارە کۆنەکانی راگەیاندن، وەک رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، کە ئاوێتەی یەکتربوون و چەند سیفەتێک بۆ هۆکارە راگەیاندنەکە زیادبووە، وەک کارلێکردن و دیجیتاڵیبوون و وەڵامدانەوە وەک ئەوەی لە بەرنامە راستەوخۆکان و پەیوەندی وەرگران و بەرهەمهێنانی بەرنامە و پەیامە میدیاییەکانەوە دەردەکەوێت.

میدیای نوێی پشت بەستوو بەو ئامێرە ئەلکترۆنیانەی توانای گواستنەوەیان هەیە، وەک کۆمپیوتەری کەسی و تەلەفۆن و تابلێت و ئامێرەکانی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکان، کە بەردەوام لە گەشەکردندان و بەرنامەی نوێیان بۆ زیاد دەبێت بۆ کارئاسانی.

میدیای نوێی پشت بەستوو بە ئینتەرنێت Online و پرۆگرام و ئامرازەکانی، ئەمەیان نوێترینیانە و تایبەتمەندی نوێ و بێوێنە لە خۆدەگرێت و بەردەوام لە گەشەکردن و پێشکەوتندایە کە خۆی لە مۆبایلە زیرەکەکان Smartphone و ئامرازەکانی دیکەدا دەبینێتەوە، هەروەها بەرنامە و ئەپڵیکەیشنەکانی دیکە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە وێنەی فەیسبوک و تویتەر و سناپ چات و ئینستاگرام و یوتیوب و ئەوانی دیکە (McLuhan, 1960) .

بە لە بەرچاوگرتنی هەمەجۆریی پێناسەکان، ناساندن و دانانی یەک پێناسەی جێگیر بۆ میدیای نوێ کارێکی نیمچە ئەستەمە بەو پێیەی خوێندنەوەی جیاواز و هەمەجۆر دەربارەی چەمکەکە هەیە و خودی میدیای نوێش رۆژانە و بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندایە. بە جۆرێک ئەوەی ئەمڕۆ نوێیە سبەی کۆن دەبێت و شێواز و تەکنیکی نوێ دێتە کایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەکرێت چەند سیفات و خاڵێکی هاوبەش دەستنیشانبکرێت دەربارەی میدیای نوێ لەگەڵ خۆی هێناویەتی کە دیارترینیان تایبەتمەندی کارلێککردنە Interaction، کە لە رێگەی هەردوو تایبەتمەندی کەسی Individuality و تایبەتێتی خۆیی Customization نمایندە دەکات.

میدیای نوێ زیاتر میدیایەکی کەسییە و دەکرێت کەسێک لە رێگەی کۆمپیوتەرێکی کەسییەوە میدیایەک بەڕێوە ببات و پەیام بڵاوبکاتەوە، هەروەها ئینتەرنێت ئەو دەرفەتەی رەخساندووە، کە تاکە کەسێک بتوانێت بگەڕێت بۆ زانیاری و هەواڵ و گۆرانی و فیلم و بابەتی زانستی و هەر شتێکی دیکە، کە خۆی مەبەستییەتی، لەو کاتەشدا کە خۆی دەیەوێت، بە پێچەوانەی میدیای نەریتیی (کلاسیک) کە دەبوو وەرگر لە کاتێکی دیاریکراودا و ئەو بابەتانەی دەزگا راگەیاندنەکە پێشکەشی دەکرد وەربگریت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ئێستا وەرگر ئەو هەواڵە وەردەگرێت کە مەبەستیەتی، گوێ لەو گۆرانیە دەگرێت کە ئارەزووی دەکات، کام فیلمی حەز لێبێت تەماشای ئەوە دەکات. هەروەها خۆی بڕیار دەدات لە چ کاتێدا و بە چ شێوازێک سەیری بابەتە مێدیاییەکان دەکات و لەوەش زیاتر دەتوانێت دووبارە ئەو بابەتانە بڵاوبکاتەوە و تەنانەت هەندێکجار خۆشی دەبێتە بەرهەمهێنەر و دروستکەری بابەت و هەواڵەکان.

مەکوەیل، دەربارەی میدیای نوێ دەڵێت ئەم میدیایە بە ئامرازەکانی و زمانە جیاوازەکەی کە نەوەکانی پێشوو لێی تێناگەن. تەنانەت میدیاکار و سیاسییەکانی سەردەمانی پێشووش لەم میدیا نوێیە ناگەن، چونکە میدیای نوێ ئەو سیفاتەی لە میدیا داماڵی کە وەک پیشەسازییەکی ئاڵۆز و تێچوو بەرز لە رووی داراییەوە، چونکە میدیای نوێ هەم سادەیە و هەمیش لە رووی تێچونەوە کەمی تێدەچێت.

لەوەش گرنگتر، میدیای نوێ و ئامرازەکانی میدیاییان لە دەست و هەژموون و کۆنترۆڵی حکومەت کۆمپانیا فرە رەگەزەکان سنوربڕەکان دەرهێنا. ئینتەرنێت بیرۆکەی سود و لۆژیکی دەستبەسەراگرتن و کۆنترۆڵکردنی میدیای رەتکردەوە. بۆ نمونە لە رێگەی یاسا و رێوشوێنەکانەوە چۆن دەتوانین کۆنترۆڵی ملیۆنان تویت و پۆستی فەیسبوک بکەین ؟

هەر بۆیە ئەمڕۆ پێوانەی میدیای نوێ بریتییە لە خێرایی و کرانەوەی تەواو لە گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بۆچوونەکان، کە ئەمە پێچەوانەی بنەماکانی بڵاوکردنەوەیە لە ئاژانسە جیهانییەکانی دەنگوباس، کە وردبینی پێش بڵاوبوونەوە دەکەوێت (Robinson, 2002) .

پرۆسەی بڕیاردان رەگەزێکی گرنگ و سەرەکی و کاریگەرە لە بەڕێوەبردنی هەر دامودەزگایەکدا، لە هەمانکاتدا پرۆسەیەکی دژوار و ئاڵۆزە بە تایبەت لە بواری سیاسیدا (Stanyer,2008) . بڕیاری سیاسی بە یەکێک لە هەرە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستمی سیاسی و حوکمڕانی دادەنرێت، لە هەمانکاتدا یەکێکە لە پرۆسە هەرە قورس و ئاڵۆزەکانی ئەو بوارە (Street,2010). پرۆسەی دروستکردنی بڕیار نەک تەنها لە بواری سیاسی، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەی وەک بەڕێوەبردن و ئابوریی و بوارەکانی دیکەش رۆڵی گەورە و کاریگەری هەیە و پرۆسەیەکی دژوار و ئاڵۆزە (Trewatha and Newport, 1982) .

(Trewatha & Newport (2017 بەم شێوەیە پێناسەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دەکەن، "دروستکردنی بڕیار هەڵبژاردنی باشترین بژاردەیە لە نێو دوو یاخود زیاتر لە بژاردەیەک لە پێناو گەیشتن بە چارەسەری کێشەیەک". لە هەمانکاتدا فەرهەنگە عەرەبییەکان چەمکی دروستکردنی بڕیار لە رووی زمانەوانییەوە پەیوەستدەکەن بە بواری کارگێڕییەوە و وەک ئەرکێکی بەڕێوەبردن دەیناسێنن، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی رێگا و میتۆدێک لە نێوان چەند بژاردەیەکی بەردەستدا (Triantaphyllou and Shu, 1998) . لە رووی چەمکەوە دروستکردنی بڕیار وەک پرۆسە وەسفدەکات، کە بریتییە لە پرۆسەی بیرکردنەوە بە بوونی توانای ئەقڵی باڵا کە بتوانێت لە نێو چەند بڕیار و بژاردەیەکدا باشترین و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

گونجاوترینیان هەڵبژێرێت، یاخود چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتێک دەستنیشان بکات و بڕیاری لە بارەوە بدات (Harris, 2019).

ڕۆبەرت هاریس،(2019) لە کتێبەکەیدا پێناسەی دروستکردنی بڕیاردەکات، بەوەی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی جیاکردنەوە و هەڵبژاردنی باشترینە لە نێوان بژاردە بەردەستەکاندا و هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوە بۆ تاک لە دۆخێکی دیاریکراودا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. بەهەمان شێوە هەندێک پرۆسەی بڕیاردان دەبەستنەوە بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگاچارە بۆ چارەسەری کێشەیەک یاخود بڕیاردان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بە شێوازێکی ئەقلانی و پاش بیرکردنەوە لە سەرجەم بژاردەکان (Lester, 2011).

لە زمانی کوردیدا دروستکردنی بڕیار یاخود وەرگرتنی بڕیار لەبەرامبەر چەمکی (Decision Making) ی زمانی ئینگلیزی و (صنع القرار) ی زمانی عەرەبی بەکاردەهێنرێت. بەڵام دروستکردنی بڕیار لە رووی زمانەوانی و لە رووی چەمکیشەوە جیاوازە لە بڕیاردان، بەو پێیەی لە پێناسەکانی سەرەوەش رونبووەوە دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکە کە جیاوازە لە بڕیاردان بە هەمانشێوە لە زمانەکانی دیکەش ئەم جیاوازییە بەدیدەکرێت هەروەک لە زمانی عەرەبی (اخذ القرار) جیاوازە لە (صنع القرار) و لە زمانی ئینگلیزیش (Decision Making) و (Decision Taking) هەیە (Jones, 2019). بۆیە بە پێویست دەزانرێت جیاوازی لە نێوان ئەو چەمکەدا بکرێت بۆ زیاتر روونکردنەوە.

## باسی سێیەم: کاریگەرییەکانی میدیای نوێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی

### 1- کاریگەری میدیا لەسەر دەسەڵاتی سیاسی

بەناوبانگترین نمونەی کاریگەری میدیا لەسەر بڕیاربەدەستانی سیاسی ئەوەیە کە بە CNN effect ناسراوە، پاش ئەوەی کەناڵی نێودەوڵەتی سی ئێن ئێن، کورتکراوەی تۆڕی هەواڵی کەیبڵییە نوێنەرایەتی و تەبەنی ئەو بیرۆکەیەی کرد، کە رووماڵکردنی هەواڵە بینانییەکان بە تایبەت ئەو هەواڵانەی رەهەندێکی مرۆییان هەیە زیاتر گرنگیان هەیە و دەبنە جێی سەرنجی وەرگران و بەوەش کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر سیاسەتی گشتی و ئەجێنداکانی حکومەت. ئەمەش بە دیاریکراوی لە رووماڵی بابەتەکانی قاتوقڕی و برسێتی و ململانێکانی کیشوەری ئەوروپا و کاردانەوەی وڵاتانی خۆرئاوادا بەرامبەری رەنگیدایەوە(M.Igbaria,1997). ئەگەرچی هەندێک سەرچاوەی وەک گیلبۆوا دەڵێن یەکەمین بەکارهێنانی چەمکی کاریگەری سی ئێن ئێن لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ کاتێک هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عێراق و کەناڵی سی ئێن ئێن شانبەشانی سەربازەکان رووماڵی جەنگەکەی بۆ جیهان دەگواستەوە(Kaufman, 2012) . مێژووی سەرهەڵدانی چەمکەکە هەر کاتێک بووبێت، گرنگ ئەوەیە کاریگەری میدیا بوەتە راستییەک و ئێستا چەمکێکی ناسراوە لە نێو پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی و کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان نمونەکانی وەک سۆنامییەکی زەریای هیندی لە ساڵی ٢٠٠٤ زەمین


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەرزەکەی هایتی لە ساڵی ٢٠١٠ و زەمین لەرزەکەی ژاپۆن لە ساڵی ٢٠١١ و نمونەکانی دیکە ئەوەیان سەلماندووە چۆن رووماڵە میدیاییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر وەڵامدانەوەی خێرای حکومەتەکان و بڕیاردان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو کارەساتانە. ئەمەش هێزو کاریگەری میدیا دەسەلمێنێت لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، بەو پێیەی رووداوە خێراکان چاوەڕێی نۆرە ناکەن لە ریزبەندیی هەواڵەکاندا و راستەوخۆ دێنە پێشەوەی گرنگیپێدانی میدیاکان و بەوەش کاریگەری لەسەر حکومەتەکان دروستدەکات بۆ بڕیاردان لە پێناو بەرەنگاربونەوەی ئەو دۆخەی هاتووەتە پێشەوە (Morris and Ogan, 1996).

پییرس رۆبنسن( 1996) شیکاری کاریگەری سی ئێن ئێن دەکات بەوەی دەکرێت لە رێگەی دوو گۆڕاوەوە شیکاری بۆ کاریگەری میدیا بکرێت، یەکەمیان رادەی دڵنیایی دەستەبژێری سیاسی بەرامبەر بە میدیا و گرنگی کاری میدیا و کاریگەری میدیا و تێگەیشتنیان لە گرنگی میدیا. دووەمیش بریتییە لەوەی میدیا چۆن بابەت و کێشەکە پێشکەش دەکات و دەگوازێتەوە. بە بڕوای ئەو لە کەیسێک بۆ کەیسێکی دیکە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە رادەی کاریگەری میدیا گۆڕانکاری بەسەرردادێت، تەنانەت لە یەک وڵاتیش ئاستی تێگەیشتنی دەستەبژێری دەسەڵاتدار رەنگە لە نێوان دوو بابەت و کێشەدا جیاواز بێت.

بۆ نمونە لە باسی خاوەندارێتی و کاریگەری میدیا ناکرێت هێزی کەسێکی وەک رۆبەرت مەردۆخ ( Encyclopaedia Britannia 2019)، کە بە ئیمپراتۆری میدیا ناسراوە و خاوەندارێتی زۆرێک لە کەناڵە و رۆژنامەکان دەکات لەسەر ئاستی جیهان، لە نمونەی کەناڵەکانی فۆکس نیوز و سکای نیوز رۆژنامەکانی تایمز و سەندەی تایمز و وۆڵ ستریت جۆرناڵ. مەردۆخ بە کەسێکی دەسەڵاتدار و بەهێز دادەنرێت نەک تەنها لەبەر خاوەندارێتیکردنی ئەو دەزگا و کەناڵە میدیاییانە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو تەنها خۆی تەرخان نەکردووە بۆ بڕیاردانی ئابوری و قورسایی خۆی تەنها لە قازانج و تێچووندا نەخستوەتەگەڕ. مەردۆخ کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیش هەیە ئەوەش بەکاردەهێنێت لە رێگەی ئەوەی رۆژنامەکانی چی دەڵێن و چی بڵاودەکەنەوە، دەنگدەران چۆن بیردەکەنەوە، حکومەت چی دەکات (Theme, 2018). هەربۆیە مەردۆخ تەنها بیر لە بەرژەوەندی ئابوری ناکاتەوە، بەڵکو لە رێگەی دەزگا میدیاییەکانیەوە توانای بەهێزی خۆی دەخاتەگەڕ، کە دەنگ بە کێ بدرێت، کێ ببێتە دەسەڵاتدار و کام حیزب لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێت لە پاش ئەوەش کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی ئەو کەسایەتی و حکومەتە دەکات لە رێگەی میدیاکانیەوە. هەڵبەت ئەمەش پەیوەستە بەو مۆدێلانەی رۆژنامەگەری کە لە وڵاتاندا هەیە، کە ئایا تا چ ئاست و رادەیەک دەتوانن کاریگەری دروست بکەن لەسەر پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بڕیار.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## 2- مۆدێلەکانی رۆژنامەگەری (مێدیا)

زۆر رێگا و شێواز هەیە لە تیۆریزەکردنی مۆدێل و شێوازەکانی رۆژنامەگەری، هەریەک لەوانەش هەڵگری ئاماژە و خەسڵەتی جیاوازن بۆ نیشاندانی سەرچاوەی هێزی مێدیا، کە رووماڵی سیاسیی بەرجەستە دەکات. هەندێک لەو مۆدێلانەی رۆژنامەگەری کاریگەری زۆر خێرا دروستدەکەن، هەندێکی دیکەیان هیچ کاریگەری دروست ناکەن. بە شێوەیەکی گشتی سێ مۆدێلی سەرەکی دیاریکراوە نەک بۆ نیشاندانی وێنە گەورەکەی رۆژنامەگەری بەڵکو بۆ دیاریکردنی جیاوازییەکانی نێوان ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی لەو مۆدێلانەی رۆژنامەگەریدا هەیە دەربارەی کاریگەرییان لەسەر سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی بەمشێوەیە:

### یەکەم: رۆژنامەگەری وەک چاودێر Journalism as Observation

بە گوێرەی ئەم مۆدێلە راگەیاندن ئەرکیەتی چاودێری رووداوەکان بکات و ئەزمونەکان بگوازێتەوە بۆ وەرگران. بە واتایەکی دیکە کارکردنی رۆژنامەیە لەسەر بنەما پرۆفێشناڵییەکان و ستانداردە رۆژنامەوانییەکان و پەیڕەوکردنی ئیتیکی کاری راگەیاندنە لە گواستنەوەی رووداوەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە بەبێ تێکەڵکردنی هەست و سۆز، هەروەها جیاکردنەوەی راستییەکان و هەواڵ لە بیروڕا و بۆچوون. ئەم ئاراستەیە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە رۆژنامە نابێت کاریگەر بێت بە سیاسەت و ئاراستەی هیچ لایەنێکی سیاسی و پێویستە کاری خۆی بکات لە چاودێریکردنی ئەوەی لە دەوروبەردا رودەدات و گواستنەوەی راستییەکان وەک خۆی و خۆپاراستن لە لایەنداریکردن بۆ هیچ کەس و لایەنێک راستی رووداوەکان نەبێت.

### دووەم: رۆژنامەگەری کەسی و خودی Subjective Journalism

ئەمەش رێک پێچەوانەی مۆدێلی پێشووە، کە پێیوایە رۆژنامەگەری خودی و کەسییە و ئەوەی تێیدا بڵاودەکرێتەوە بۆچوون و ویستی کەسی بەسەریدا زاڵە، بۆ پاڵپشتی ئەم بۆ چونەش ئەوانەی پشتگیری ئەم ئاراستەیە دەکەن دەڵێن بابەتیبون لە رۆژنامەگەریدا ئەفسانەیە و ئەستەمە بتوانێت بە تەواوی بەدەستبێت. دەڵێن هەموو هەواڵێک لە روانگەی بیروبۆچونێکەوە دەنوسرێت و بە دڵنیایی بۆچون و ویستی کەسی تێدا دەبێت، چونکە رۆژنامەنوسەکان پێش ئەوەی رۆژنامەنوس بن مرۆڤن و ئەوانیش داماڵراونین لە هەستەکانیان چ لە هەڵبژاردنی بابەتەکان بۆ هەواڵ و چ لە پۆلێن و ریزبەندکردنیان و ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکاری دەهێنن لە نوسینی هەواڵەکە هەتا شێوازی بڵاوکردنەوە و گرنگیپێدانی، کە هەموو ئەمانە وادەکەن هەواڵەکە لە سەداسەد بابەتی نەبێت و جۆرێک لە لایەنداری تێدابێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

### سێیەم: ڕۆژنامەگەری وەک چالاکییەکی ڕێکخراو Journalism as Structured Activity

لەم مۆدێلەدا تێڕوانین بۆ هەواڵ ئەوە نییە بەرهەمی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوە، کە ڕۆژنامەنوسەکان کاردانەوەیان بۆی هەبێت لە رووماڵ و گواستنەوەیدا، بەڵکو پێیوایە دروستکردنی هەواڵ بەرهەمی پلانێکی پێشتر ئامادەکراو و چاوەڕوانکراوە. بە گوێرەی ئەم مۆدێلە، هەواڵ بەرهەمێکی بەردەست و دابەشبووی ڕەگەز و سەرچاوە و ئارەزووەکانە. مارتین بێڵ، لەم بارەیەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت: "خەڵک وا دەزانێت ڕۆژنامەنوسەکان لەو شوێنانەن کە هەواڵی لێیە، ئەمە ڕاست نییە، هەواڵ لەو شوێنەیە کە ڕۆژنامەنوسی لێیە" ( Randal, 2012 ). لێکدانەوەی ئەم بۆچوونە لەو ئاراستەیەوەیە، کە ئەوە ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە بڕیار دەدەن کام بابەت بایەخی زۆر پێبدرێت و بکرێتە هەواڵ و گرنگی زیاتری پێبدرێت و کام بابەت فەرامۆش بکرێت. هەربۆیە ڕۆژنامەگەری لێرەدا چالاکییەکی ڕێکخراو و پلان بۆ دارێژراوە بە گوێرەی خواستی کەناڵ و دەزگا و ڕۆژنامەنوسەکان ئەوەش بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو بڕیاردەدەن کامە بابەت بکرێتە هەواڵ و جێگەی بایەخپێدان.

لەم سێ مۆدێلەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بە گوێرەی دەزگاکە و شوێنی کارکردن و پەیوەست بەو وڵاتەی کاری تێدا دەکات و ئەو سیستمە سیاسییەی حوکم دەکات، گۆڕانکاری بەسەر شێوازی کارکردنی مێدیایدا دێت و خۆی پەیوەستی مۆدێلێک دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ بە تایبەت هەواڵە سیاسییەکان. دەشکرێت لە هەندێک وڵات و سیستمدا هەر سێ مۆدێلەکە ببینرێت و هەر یەکەیان بە شێوازی خۆیان کار لەسەر گواستنەوەی ڕووداوەکان بۆ وەرگران بکەن. ئەو جیاوازییەش ڕادەی پەیوەندی و کاریگەری و بەهێزی مێدیا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی دیاریدەکات.

## باسی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بەفۆرمێکی ڕاپرسی بەستووە، کە سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان وەکو سامپڵ وەرگیراون.

ڕاستی فۆرمی ڕووپێوی

### پاساوەکانی دیاریکردنی سامپڵ:

هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەکە، لەسەر بنەمای شارەزایی و تایبەتمەندی سامپڵەکەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە چینی لێتوێژەران بەچینێکی خوێندەوار و نوخبە ئەژماردەکرێن، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هاووڵاتیان یان بڵێن دەنگدەران هەیە.

### دروستکردنی فۆرمی پێوانەیی

بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستی فۆرمێکی پێوانەیی دروستکەین، توێژەر پشتی بەم هەنگاوانە بەستووە:

1- دروستکردنی فۆرمی سەرەتایی: لەم قۆناغەدا توێژەر لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر (10٪) پەرلەمانتاران و وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان، توانی کار لەسەر فۆرمەکە بکات و هەموو لایەن و جۆری پرسیارەکان دیاریبکات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

2- داڕشتنی بڕگەکانی فۆرمی پێوانەیی: لەڕێگەیی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە فۆرمی سەرەتاییدا خرانەڕوو، هەروەها بەسود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو و تیۆری پشتبەستن بە میدیا، توێژەر فۆرمە پێوانەییەکەی بونیادنا، کە لە سێ تەوەرە پێکهات، تەوەری یەکەم (15) بڕگەی لەخۆ گرت، تەوەری دووەم (10) بڕگەی لەخۆگرت، تەوەری سێیەم (11) بڕگەی لەخۆگرت.

## راستی فۆرمی رووپێوی

بۆ دەرهێنانی دروستیی فۆرمی پێوانەیی توێژنەوەکە، توێژەر پشتی بە ڕێگەی دروستیی ڕواڵەتی بەستووە، کە بریتییەلە پیشاندانی فۆمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی(*)دوای گەڕانەوەی فۆرمەکە و بەهەند وەرگرتنی تێبینیە زانستییەکانی هەڵسەنگێنەران، ڕادەی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران بەڕێژەی (91.66) بوو، کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە لەڕووی زانستییەوە.

بۆ گەیشتن بەجێگیریی توێژەران دووبارە فۆرمەکانیان دابەشکردەوە، بەتێپەربوونی ماوەی (10ڕۆژ) بەسەر مێژووی یەکەم دابەشکردندا، بەسەر ڕێژەی (30٪) سامپڵی توێژینەوەکە، کە (111) لێتوێژەرانە، بەپشتبەستن بەیاسای (ئەلفا کرۆمباخ) بۆ جێگیری، کە ناوەندی هاویەکی توێژەر لەگەڵ لێتوێژەراندا کردوێتی (0.878)، ئەمەش بەرێژەیەکی بەرز بۆ دڵنیابوون لەڕوونی راستگۆیی فۆرمی رووپێوییەکە دادەنرێت.

## لایەنی مەیدانی توێژینەوە

## 1- زانیاریی بنەڕەتی لێتوێژەران

دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لە ڕووی (رەگەزەوە)، سامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:

رەگەز: بە پلەی یەکەم رەگەزی (نێر) دێن بە (67) ژمارە و ناوەندە ژمێرەی (3.69) و رەگەزی مێ بە پلەی دووەم دێن بە (33) ژمارە بەرێژەی (3.82).

بەڵام بەهۆی تۆمارکردنی ئاستی بەڵگەداری بەڕێژەی (0.363) کە ڕێژەکەی لە (0.05) زیاترە بۆیە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەدی ناکرێت لە نێوانیاندا، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

---

*هەڵسەنگێنەران:

1- پ.د سابیر بکر مستەفا / پسپۆری پەروەردەی بنەرەتی/ ز.سلێمانی.
2- پ.ی.د حەکیم عوسمان حەمید / پسپۆری میدیا/ ز.پۆلی تەکنیک.
3- پ.ی.د ابتیسام اسماعیل قادر / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خشتەی (1)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ

| ڕەگەز | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهای T |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 67 | 3.69 | 0.908 | 98 | 0.363 | 0.914 |
| مێ | 33 | 3.82 | 0.528 | | | |

## 2- زانیاریی بنەڕەتی لێتوێژەران

دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لە ڕووی (تەمەن، ئاستی خوێندەواری، فراکسیۆن)، سامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:

ا: تەمەن: بە پلەی یەکەم ئەوانە دێن، کە تەمەنیان لەنێوان (45–54)ساڵیدان بە ژمارەی (36) و لە پەلی دووەمدا تەمەنی (35–44) دێت، بە ژمارەی (35) بە ناوەندی ریزبەندی (51.59)، هەروەها لە پلەبەندی سێیەمدا (25–34) دێت، لەپلەندی چوارەمیشدا (50 بەرەو سەر) دێت بە ناوەندی ریزبەندی(59.94) بەژمارەی (9) کەس، بەهۆی تۆمارکردنی بەرزترین پلەی رانکینی بۆ تەمەنەکانی (25–34) و (50 بەرەوژوور) ئاستی پشتبەستنیان بە میدیای نوێ زیاترە، بەبەروارد بە تەمەنەکانی تر.

ب: بڕوانامە: بە پلەی یەکەم بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەژمارەی (49) پەرلەمانتار بەناوەندی ریزبەندی (46.07)، لەپلەبەندی دووەمدا هەردوو بڕوانامەی ماجستێر و دبلۆم دێن، بەژمارەی (15) و لە پلەبەندی سێیەمدا بڕوانامەی دکتۆرا بەژمارەی (9) دێت، بەپلەبەندی پێنجەم و شەشەمدا هەردوو بڕوانامەی ئامادەیی و ناوەندی بەژمارەکانی (8) و (4) دێن، لێرەشدا ئاستی بەڵگەداری بەرزترە لە (0.05) و ئاستی مین رانکینی ئامادەیی و بەکالۆریۆس، بۆیە کاریگەری بڕوانامە لە پشتبەستن بەمیدیای نوێ کەمە و دەرناکەوێت .

پ: فراکسیۆن: بەپلەبەندی یەکەم فراکسیۆنی (سەربەخۆ) دێت بەژمارەی (1) و بەپلەندی دووەهەمیش فراکسیۆنی (گۆڕان) بەژمارەی (12)، بەپلەبەندی سێهەم فراکسیۆنی (یەکگرتوو) دێت بە ژمارەی (5) و بە پلەبەندی چوارەم فراکسیۆنی (پارتی) بەژمارەی (37)، و بە پلەبەندی پێنجەم فراکسیۆنی (نەوەی نوێ) دێت بەژمارەی (3) و بەپلەندی شەشەم فراکسیۆنی (کۆمەڵ) بە ژمارەی (7)، بە پلەبەندی حەوتەم فراکسیۆنی (پێکهاتەکان) دێت بەژمارەی (9) و بە پلەندی هەشتەم فراکسیۆنی (یەکێتی) بەژمارەی (21)، لە دواپلەبەندی نۆیەم و دەیەم هەردوو فراکسیۆنی (سەردەم و ئازادی) بەژمارەی (1) دێن، بە نمرەی ئازادی (9) و پلەی بەڵگەداری (0.030)، لێرە ئاستی بەڵگەداری کەمترە لە(0.05)، واتە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

جیاوازی هەیە و لەسەر ئاستی فراکسیۆن و رادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ و مین رانکی سەربەخۆ بەرزترینە بەو پێیەی پابەندنین بە پارتێکی سیاسی، رەنگە ئەمە وایکردبێت زیاتر بگەڕێنەوە بۆ خەڵک و پشت بە میدیای نوێ ببەستن یاخود بەهۆی نەبونی پارتی سیاسی و نەبونی میدیایەکی تایبەت بە پارتەکەیان زیاتر پشت بە میدیای نوێ دەبەستن و دوای ئەویش گۆران بەو پێیەی پێشتر ئۆپۆزسیۆن بووە و پارتێکی زیاتر گرنگی بە میدیای نوێ و خەڵک دەبەستێت، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی (2)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن و بڕوانامە و فراکسیۆن لەسەر رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ

| تەمەن | ژ | ناوەندیریزبەندی | ئاست | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 54-45 | 36 | 46.07 | 1 | 3 | 0.567 | 2.024 |
| 44-35 | 35 | 51.59 | 2 | | | |
| 34-25 | 20 | 55.03 | 3 | | | |
| -55 | 9 | 53.94 | 4 | | | |

| بڕوانامە | ژ | ناوەندیریزبەندی | ئاست | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەکالۆریۆس | 49 | 4352. | 1 | 5 | 0.325 | 5.814 |
| ماجستێر | 15 | 48.83 | 2 | | | |
| دبلۆم | 15 | 3340. | 2 | | | |
| دکتورا | 9 | 4454. | 3 | | | |
| ئامادەیی | 8 | 62.44 | 4 | | | |
| ناوەندی | 4 | 5038. | 5 | | | |
| سەرەتایی | - | - | 6 | | | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| فراكسیۆن | ژ | ناوەندیڕیزبەندی | پلەبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | كا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەربەخۆ | 4 | 68.13 | 1 | 9 | 0.030 | 18.445 |
| گۆڕان | 12 | 61.29 | 2 | | | |
| یەكگرتوو | 5 | 59.00 | 3 | | | |
| پارتی | 37 | 55.43 | 4 | | | |
| نەوەی نوێ | 3 | 53.33 | 5 | | | |
| كۆمەڵ | 7 | 53.14 | 6 | | | |
| پێكهاتەكان | 9 | 43.44 | 7 | | | |
| یەكێتی | 21 | 35.10 | 8 | | | |
| سەردەم | 1 | 18.00 | 9 | | | |
| ئازادی | 1 | 18.00 | 9 | | | |

### 3- **زانیاریی بنەڕەتی لێتوێژەران**

دوای هەڵاوێركردنی زانیارییە بنەڕەتییەكانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەكەوێت لە ڕووی (پارێزگاوە)، سامپڵی توێژینەوەكەمان كە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:

لەسەر ئاستی پارێزگا، هەولێر لەپلەی یەكەمدا دێت بەژمارەی (36) و ناوەندی ریزبەندی (55.08)، و پارێزگای سلێمانی لە پلەی دووەمدا بەژمارەی (30) و ناوەندی ریزبەندی (53.73)، پارێزگای دهۆک لە پلەی سێیەم بەژمارەی (27) و ناوەندی ریزبەندی (48.80)، و پارێزگای هەڵەبجە لە پلەی چوارەم و كۆتاییدا بەژمارەی (7) و ناوەندی ریزبەندی (19.64)، ئەو پارێزگایەش جیاوازی لە ناوەندی ریزبەندی دەردەكەوێت هەولێر بە مین رانكی بەرزترین ئاستی هەیە و ئاماژەی ئەوەیە پەرلەمانتارانی دانیشتوی هەولێر زیاتر پشت بە مێدیای نوێ دەبەستن بەو پێیەی هەولێر پایتەختە و شانۆی زۆرێک لە رووداوە سیاسییەكان و باڵەخانەی پەرلەمانیش خۆی لە هەولێرە، پاشان سلێمانی وەک و دواتر دهۆک و هەڵەبجە، كە تازە بووەتە پارێزگا بە بەراورد بە پارێزگاكانی دیكە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (3).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خشتەی (3)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی پارێزگا لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ

| پارێزگا | ژ | ناوەندیڕیزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 36 | 55.08 | 3 | 0.006 | 12.512 |
| سلێمانی | 30 | 53.73 | | | |
| دهۆک | 27 | 48.80 | | | |
| هەڵەبجە | 7 | 19.64 | | | |

## 4- ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بەمیدیای نوێ:

دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییەکانی تایبەت بەوەڵامی لێتوێژەران، دەردەکەوێت لە ڕووی (ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ):

ڕادەی پشتبەستن بەمیدیا نوێ لەلای پەرلەمانتاران بەپێی خشتەکە، دەردەکەوێت بەڕێژەی (63) بژاردەی (زۆر) تۆمارکراوە، ئاستی جیاوازی دەگاتە (64٪)، ئەمەش پێمان دەڵێت زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران پشت بە میدیای نوێ دەبەستن لە ڕاییکردنی کارەکانیاندا وەک پەرلەمانتار، بە واتای ئەوە دێت میدیای نوێ بووەتە هۆکارێکی باش بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی پەرلەمانتاران وەک سەرچاوەی زانیاری و پەیوەندیکردن و هەروەها کاریگەر بوون لەسەر کارەکانیان، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (4).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خشتەی (4)

رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ

| پشتبەستن بە مێدیای نوێ | چ | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی جیاوازی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 63 | 63.0 | 3.73 | 0.802 | %64 | زۆر |
| تارادەیەک | 19 | 19.0 | | | | |
| هەمیشە | 10 | 10.0 | | | | |
| کەم | 6 | 6.0 | | | | |
| هەرگیز | 2 | 2.0 | | | | |

## 5- ئاستی کاریگەری مێدیای نوێ لە کاریگەری خستنەسەر زانیارییەکانی پەرلەمانتاران:

دوای هەڵاوێردکردنی برگەکانی تەوەری تایبەت بەئاستی کاریگەری مێدیای نوێ لە کاریگەری خستنە سەر زانیاری پەرلەمانتاران ناوەندی خشتەیی بە بەراورد بە ئاستی گریمانەیی بەرزترە بەو پێیەی ناوەندی خشتەیی (30.04) و ناوەندی گریمانەیی (27)ە واتە بەرزە بە ئاراستەی زۆر بە واتای ئەوەی زۆرینەی پەرلەمانتاران سود لە مێدیای نوێ وەردەگرن بۆ زیادکردنی ئاستی زانیارییان.

ئاستی ناوەندەژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی بەسەر هەردوو جۆری ئاستی (زۆر، بێلایەن) لە خۆدەگرێت، لەسەر ئاستی برگەکانیش برگەکانی (1، 2، 3، 9) ئاماژە بەوە دەکات، کەئاستی زۆریان تۆمارکردووە بەناوەندە ژمێرە جیاوازەکانی (3.86، 3.55، 3.53، 3.40) و برگەکانی (4، 5، 6، 7، 8) لەسەر ئاستی برگەکان ئاستی (بێلایەنیان) تۆمارکردووە بەناوەندە ژمێرەی (3.18، 3.16، 3.15، 3.14، 3.07)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (6).

خشتەی (5)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لە کاریگەری خستنەسەر زانیارییەکانی پەرلەمانتاران

| | هەمیشە | | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | هەرگیز | | ن. | ریزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1.میدیای نوێ وا دەکات ئاگاداربم لە هەواڵ و ڕووداوەکان | 20 | 20 | 51 | 51 | 24 | 24 | 5 | 5 | – | 0 | 3.86 | 1 | زۆر |
| 2.میدیای نوێ زانیاریم پێدەدات لەسەر داواکارییەکانی خەڵک | 7 | 7 | 53 | 53 | 31 | 31 | 6 | 6 | 3 | 3 | 3.55 | 2 | زۆر |
| 3.میدیای نوێ وادەکات زانیارییەکانم لەسەر پرسە سیاسسیەکان زیاد بکات | 8 | 8 | 47 | 47 | 35 | 35 | 10 | 10 | – | 0 | 3.53 | 3 | زۆر |
| 9. میدیای نوێ بووەتە جێگرەوەی میدیاکانی دیکە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانم. | 10 | 10 | 42 | 42 | 29 | 29 | 16 | 16 | 3 | 3 | 3.40 | 4 | زۆر |
| 7. میدیای نوێ کارئاسانی دەکات زیاتر لەسەرریاساکان بخوێنمەوە | 6 | 6 | 36 | 36 | 35 | 35 | 16 | 16 | 7 | 7 | 3.18 | 5 | بێلایەن |
| 5. میدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچونی خەڵک بزانم لەسەرریاساکان | 3 | 3 | 43 | 43 | 28 | 28 | 19 | 19 | 7 | 7 | 3.16 | 6 | بێلایەن |
| 4.میدیای نوێ وادەکات زانیاری زیاتر کۆبکەمەوە بۆ پرۆژەیاساکان | 6 | 6 | 35 | 35 | 37 | 37 | 12 | 12 | 10 | 10 | 3.15 | 7 | بێلایەن |
| 6. میدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچونی لایەنە سیاسییەکان بزانم لەسەرریاساکان | 11 | 11 | 30 | 30 | 30 | 30 | 20 | 20 | 9 | 9 | 3.14 | 8 | بێلایەن |
| 8. میدیای نوێ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی زانیاریم هەبێت لەسەر دۆسییەکان | 5 | 5 | 23 | 23 | 49 | 49 | 20 | 20 | 3 | 3 | 3.07 | 9 | بێلایەن |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.33 | بێلایەن | |
| بەهای T 53.823 نمرەی ئازادی 99 ئاستی بەڵگەداری 0.000 ناوەندی خشتەیی 30.04 ناوەندی گریمانە 27 | | | | | | | | | | | | | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- بەپێی جیاوازی تەمەن و بڕوانامە هیچ کاریگەرییەکان لەسەر ئاستی پشتبەستن بەمیدیای نوێ نییە، بەڵام بەپێی جیاوازی فراکسیۆن و پارێزگا کاریگەرییەکان لەسەر ئاستی پشتبەستن بە میدیای نوێ لای پەرلەمانتاران دەردەکەوێت بەشێوەیەکی بەهێز.

3- پەرلەمانتاران توانیویانە پشت بەمیدیای نوێ ببەستن بۆ گەیشتن بەزانیارییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەنێوان خۆیان و هاووڵاتیاندا.

## راسپاردە:

1- میدیا بکرێتە سەرچاوەی گفتوگۆ و پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و هاووڵاتیان.

2- هەوڵ بدرێت پەرلەمانتاران نەک تەنها لەکاتی بەنگەشەی هەڵبژاردندا، وەڵامی هاووڵاتیان بدەنەوە، بەڵکو بەردەوام بن لەسەر وەڵامدانەوە و پشتگیری کردنیان.

4- ئەو بەڵێنانەی داویانە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، بیبەنەسەر.

## پێشنیار:

1- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاستی گرنگی پێدانی پەرلەمانتاران لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان.

2- توێژینەوە لەسەر رادەی گرنگی پێدانی میدیای نوێ لەلایەن هاووڵاتیانەوە، لەکاتی هەڵبژاردنەکان و ئاستی باوەڕهێنانیان بە بەڵێنەکانی پەرلەمانتاران.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# The Level of Kurdistan Region MPs' Dependency on New Media

**Barham Khalid Ahmed**
Media Department, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** barham.ahmed@univsul.edu.iq

**Fuad Ali Ahmed**
Media Department, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** fuad.ahmed@univsul.edu.iq

**Abstract:**
In the past decade media industry particularly traditional media has seen a significant decline as new media growth and become an important source for the whole society in developed countries. Albeit politicians have affected by new media impacts as replaced traditional media in many aspects. The new media has a great role for politicians to use it to get information, their publicity, and publishing their activities. This research paper explores the role of new media on Kurdistan region member of parliaments seeking how they rely on new media platforms to find out the MPs dependency on New Media in their works as a public figure.

**Key Words:** Dependence, Kurdistan MPs, New Media, Social Media.

## سەرچاوەکان:


حسن عماد مكاوي و عاطف عدلي العبد، نظريات الإعلام، القاهرة، 2007.

صالح خليل أبو أصبع، الاتصال الجماهيري، عمان، دار البركة للنشر و التوزيع، 2010.

صالح خليل أبو أصبع، الإتصال و الإعلام في المجتمعات المعاصرة، ط5، عمان، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، 2006.

محمود حسن إسماعيل، مباديء علم الاتصال ونظريات التأثير، القاهرة، الدار العالمية للنشر و التوزيع، 2003.

Oxford Dictionaries | English, (2018), new media | Definition of new media in English by Oxford Dictionaries, [Online] Available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/new_media [Accessed 5 Nov. 2018].

Oxfordlearnersdictionaries.com, (2019), decision-making noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes | Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com. https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/decision making?q=decisionmaking [Accessed 3 Aug. 2019].

Encyclopedia Britannica, (2019), Rupert Murdoch | Biography & Facts https://www.britannica.com/biography/Rupert-Murdoch [Accessed 18 Oct. 2019].

Techopedia.com, (2018),What is New Media? - Definition from Techopedia. [online] Available at: https://www.techopedia.com/definition/416/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].
Elmirabayrasli.com. Available at: http://elmirabayrasli.com/books/the-new-media-theory reader [Accessed 10 Nov. 2018].

Dewdney, A. and Ride, P, (2006), the new media handbook. London: Routledge.

Gibloa, E. (2005) 'Global television news and foreign policy: debating the CNN effect' International Studies Perspectives, 6.

KALATHIL, S. & BOAS, T. C, (2003),. Open networks, closed regimes: the impact of the Internet on authoritarian rule, Washington, D.C., Carnegie Endowment for International Peace.

Kember, S. and Zylinska, J, (2015), Life after new media, Cambridge (Mass.): MIT
Koch-Baumgarten, Sigrid & Voltmer, Katrin, (2010), Public Policy and Mass Media, the Interplay of Mass Communication and Political Decision Making.

Louw, P. (2010),the media and political process. Los Angeles, Calif: Sage.

Lu, J., Jain, L. and Zhang, G, (2012), Handbook on decision making, Heidelberg: Springer.

Matthew Loveless, (2008), Media Dependency: Mass Media as Sources of Information in the Democratizing Countries of Central and Eastern Europe ,Center for Research and Social Progress (CeRSP), Ph.D. Political Science.
MCQUAIL, D, (2010), McQuail's Mass communication theory. London, Sage Publications.

Melvin L. Defleur & Sandra Ball Rokeach, (1982), Theories of Mass Communication, 4th ed, New York:Longman.
McLuhan, M, (1960), Effects of the improvements of communication media, Journal of Economic History.

Robinson, P,(2002), The CNN Effect: The Myth of News, Foreign Policy an Intervention, London: Routledge.
Stanyer, J, (2008), Modern political communication. Cambridge: Polity.

Francis Fukuyama, State Building: Governance and World in the Twenty-First.

Street, J., (2010), Mass Media, Politics and Democracy: Second Edition. Palgrave.

Trewatha, R.L., & Newport, M.G, (1982), Management. 3rd ed., Business Publications.

Triantaphyllou, E., Shu, B., Nieto Sanchez, S., & Ray, T, (1998), Multi-criteria decision making: An operations research approach. Encyclopedia of Electrical and Electronics Engineering, 15.

Harris, R, (2019), Introduction to Decision Making, Part 1. [online] Virtualsalt.com. Available at: https://www.virtualsalt.com/crebook5.htm [Accessed 9 Sep. 2019].

Lester, P. M. (2011). Visual communication: images with messages. Boston. MA, Wadsworth.

SearchMicroservices, (2018), What is new media? - Definition from WhatIs.com. [online] Available at: https://searchmicroservices.techtarget.com/definition/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

Jones, P, (2019), Decision Making and Decision Taking: they are different. [online] Excitant. Available at: https://www.excitant.co.uk/decision-making-and-decision-taking-they-are-different/ [Accessed 6 Aug. 2019].

M.Igbaria, M.Tan, 1997, the consequences of information technology acceptance on subsequent individual performance. Information & Management Volume 32, Issue 3, March 1997, Pages 113-121
Micha Kaufman, 2012, The Internet Revolution is the New Industrial Revolution. Accessed 24 October 2018, <http:www.forbes.com>

Merrill Morris, Christine Ogan; The Internet as Mass Medium, Journal of Computer Mediated Communication, Volume 1, Issue 4, 1 March 1996, JCMC141, https://doi.org/10.1111/j.1083-6101.1996.tb00174.
Taha Najim, http://drtahanegm.blogspot.com/2011/11/blog-post_6684.html: in 7/8/2016.

Theme, E. (2018). Download PDF by Robert Hassan, Julian Thomas: The New Media Theory Reader - Elmira Bayrasli E-books. [online]

Veronica Hefner, (2014), the Influence of Television and Film Viewing on Midlife Women's Body Image, Disordered Eating, and Food Choice, Article.

**تعريف و شرح و معنى نموذج اتخاذ القرار بالعربي في معاجم اللغة العربية معجم المعاني الجامع، المعجم الوسيط ،اللغة العربية المعاصرة ،الرائد ،لسان العرب ،القاموس المحيط - معجم عربي عربي صفحة1**
. [online] Almaany.com. Available at: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar. [Accessed 9 Sep. 2019].

www.alukah.net. (2019), **مفهوم عملية اتخاذ القرار**. https://www.alukah.net/culture/0/63677/ [Accessed 9 Sep. 2019].

**ظافر آل جميلة** (29-3-2017)، "**مفهوم اتخاذ القرار**"، **جامعة بابل- كلية الاقتصاد والإدارة، اطلع عليه بتاريخ** 9-9-2019.

**إقرألمزيدعلىموضوع.كوم** https://mawdoo3.com/8%B1#cite_ref-DLnLpsprHw_3-1 :

**عادل ثابت،النظرية السياسية الحديثة : دراسة للنماذج والنظرياتا ليقدم لفهم وتفسرعالم السياسة،( القاهرة،مكتبةخوارزم،** 2002م)



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێجی زانسته مرۆڤایەتییەکان**

**بەشی ڕاگەیاندن**

**فۆرم**

**بەڕێز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ فۆرمی زانیاری توێژینەوەی زانستی (دکتۆرا)**

بەڕێز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەم فۆرمەی لە بەردەستی بەڕێزتدایە بریتییە لە ئامرازێکی توێژینەوەی زانستی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە (ڕۆڵی میدیای نوێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان- توێژینەوەیەکی رووپێوییە لەسەر پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان لە ناو پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لە بڕیاری سیاسییدا) وەڵامەکانی بەڕێزت بابەتییانە و ئەکادیمیانە و بە شێوەیەکی زانستی دەبێتە پاڵپشت بۆ زیاتر ئاشنابون بە ڕۆڵی میدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و زانینی بۆچونی خەڵک و بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی لای پەرلەمانتاران وەک ئامرازێکی میدیایی و پەیوەندیکردن بە خەڵک و لایەنەکانی دیکەوە.

بەشداری و وەڵامدانەوەی بەڕێزتان هاوکار دەبێت لە توێژینەوەی زانستی و بە زانستیکردنی میدیا کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی، سوپاس بۆ هاوکاریکردن و بەخشینی کاتی خۆتان بە پڕکردنەوەی ئەم فۆرمە

**سوپاست دەکەین کە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان بدەیتەوە و توێژینەوەکەمان دەوڵەمەند بێت بە وەڵامەکانت، سوپاس بۆ هاوکاریکردنتان.**

**توێژەر:** بەرهەم خالد احمد     **سەرپەرشتیار:** پرۆفیسۆری یاریدەدەر، د.فواد علی احمد



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## زانیاری کەسی:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **توخم** | □ نێر | □ مێ | | | | | |
| **تەمەن** | □ ٢٥-٣٤ | □ ٣٠-٤٤ | □ ٤٥-٥٤ | □ ٥٠ و بەرەوژوور | | | |
| **بڕوانامە** | □ سەرەتایی | □ ناوەندی | □ ئامادەیی | □ دبلۆم | □ بەکالۆریۆس | □ ماستەر | □ کتۆرا |
| **فراکسیۆن** | □ پارتی | □ یەکێتی | □ گۆڕان | □ کۆمەڵ | □ یەکگرتوو | □ نەوەی نوێ | □ کۆتای کەمیینەکان |
| | □ سەردەم | □ ئازادی | □ سەربەخۆ | | | | |
| **پارێزگا** | □ هەولێر | □ سلێمانی | □ دهۆک | □ هەڵەبجە | | | |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## فۆرمی پێوانەیی تایبەت بە رۆڵی مێدیای نوێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

### پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ

| زنجیره | بڕگه | هەمیشه | زۆر | هەندێ کات | کەم | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مێدیای نوێ وا دەکات ئاگاداربم لە هەواڵ و رووداوەکانی کوردستان | | | | | |
| 2 | مێدیای نوێ زانیاریم پێدەبەخشێت دەربارەی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان | | | | | |
| 3 | مێدیای نوێ وادەکات زانیارییەکانم زیاد بکات دەربارەی پرسە سیاسییەکان | | | | | |
| 4 | مێدیای نوێ وا دەکات زانیاری زیاتر بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و بڕیارەکان کۆبکەمەوە | | | | | |
| 5 | مێدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچونی خەڵک دەربارەی پرۆژەیاساکان بزانم پێش گفتوگۆکردنیان | | | | | |
| 6 | مێدیای نوێ کارئاسانی دەکات بۆچونی لایەنە سیاسییەکان دەربارەی پرۆژەیاساکان بزانم پێش گفتوگۆکردنیان | | | | | |
| 7 | مێدیای نوێ کارئاسانیم بۆ دەکات زۆرترین بابەت دەربارەی یاسا و بڕیارەکان بخوێنمەوە پێش بڕیاردان لەسەریان | | | | | |
| 8 | مێدیای نوێ هۆکارێک نییە بۆ ئەوە زانیاری زیاترم هەبێت دەربارەی دۆسیەکانی گەندەڵی لە کوردستان | | | | | |
| 9 | مێدیای نوێ بوەتە جێگرەوەی مێدیاکانی دیکەو بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان پشتی پێدەبەستم | | | | | |